# لەسەر داوایەکی دینی بەبڕیارێکی سیاسی
# کارێکی هونەری ڕادەگیرێت .

مەهدی کامل
Nya-78@hotmail.com

درامای ئاریا :

سەبارەت بەدرامای ئاریا ئینسان ناتوانێت لەسەر سێ یان چوار زنجیرە لەو درامایە تەقیم و ڕای خۆی بدات ، وە تەحلیل و شیکاری هونەری بۆ بکات . چونکە ئەو درامایە تەواو پیشان نەدراوە ، وە پەیام و مێسجێك کە هەڵیگرتبوو نەی گەیان . بۆیە هەرشتێك لەسەر ئەم درامایە وەك خودی دراماکە بوترێت سەرپێی و نادروست دەکەوێتەوە .

بەدیوەکەی تریدا ڕاگرتنی دراماکە بۆ خۆی بەهەر بیانویەك بێت و لە ژێر هەر ناوێکدا بێت ، تەنها یەك ڕاستی و حەقیقەت بەیان دەکات ، ئەویش پێشێل کردن و بەرتەسك کردنەوەی ئازادیە . بەهەموو مەعنا فراوانەکەیەوە . وە هەڕەشەیە بۆ هەرکار و کردەوەیەك کە بەدڵی چینێکی خاوەن دەسەڵات نەبێت .

بە بڕوای من ئەگەر ئەو درامایە لەسەر داوای مەلاکان یان هەر لایەنێکی ئیسلامی بێت ڕاگیرابێت، ئەوە دیسان ئەوە دەسەلمێنێت کە دەسەڵاتی سیاسی لەم جوگرافیایەدا ، نایەوێت دەست بەرداری دین بێت وەتا ئەوشوێنەی بۆی کرابێت زۆر بەتوندی دەستی پێوە گرتوە . بەخاتری ئەوەی پیرۆزی و پەرستنێك کە لە دیندا ڕیشەدارە دواجار بەبەر دەسەڵاتی سیاسیشدا ببڕێت ، وە خەڵك دەسەڵات پیرۆز ڕابگرن و سەرانی سیاسیش بپەرستن . وە بۆیان نەبێت و نەتوانن ڕەخنەیان لێبگرن وە قسەکانی ئەوان ڕەتبکەنەوە وەك حەقیقەت و قسەی خەڵکی خاوەن کەماڵ .لە بەرامبەریشدا دین دەسەڵاتی خۆی قایم بکات و مەڕجەعیەتی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی پاوەن بکات وە پایەکانی خۆی قایم و مەحکەم تربکات ، هەربۆیە پەیوەندی دین و دەسەڵات پەیوەندیەکی توند و تۆڵە وە خزمەت بەیەك دەکەن تەنها بە دامەزراندنی سیستمێکی ئینسانی سیکۆلار ، وە جیاکردنەوەی ئەم دوو دەسەڵاتە لە یەکتر دەتوانین بەر لە دووبارە بونەوەی ئەم کارە و پێشێلکردنی ئازادی بگرین .

کەواتە ئێمە لێرەدا پێویستمان بە وڵاتێکە کە خاوەنی موئەسەساتی سەربەخۆ و دوور لە دەست تێوەردانی دەسەڵات کاربکات ، تابتوانین ئەم ئاڕاستەیە بگۆڕین . ئەوکات دامەزراوەیەکی وەك هۆلیود لە ڕێگەی مۆری تەیدی کلێسا ناوەستێت تا بەرهەمێك بەرهەم بهێنێت ، وە کلێساش ناتوانێت ڕێگە لە پەخشی هیچ بەرهەمێکی بگرێت .

بەڵام نەهامەتیەکە لەوەدایە کەمەلایەك یان داوای چەند مەلایەك بڕیار لەسەر چارەنوسی بەرهەمێکی هونەری بدات وە تەقیم بدات بە کۆمەڵگا و بینەر . ڕەنگە لەمەش سەیرتر ئەوەبێت دامەزراوەیەك کەناڵێکی ئاسمانی وەك کوردسات بۆچی هەر لە سەرەتاوە ڕەزامەندیان نیشاندا لەسەر بەرهەمەکە ، ئەرکی مالی و تەکنیکیان گرتە ئەستۆ ، تۆبڵێی ئەوانیش لە زنجیرەی چوارەمەوە هەستیان بەدەقە کردبێت وە خوێندنەوەیان بۆ کردبێت ، وە حیوار و کەسایەتیەکانیان کەشف کردبێت ، تۆبڵێی بەبێ خوێندنەوە بڕیاری جێبەجێکردنیان دابێت . ئایا بڕیاری ڕاگرتنی درامایەك کە دەزگایەکی ڕاگەیاندن خۆی بەرهەمی هێنابێت ، هەرخۆشی بڕیاری ڕاگرتنی بدات ، تا چەندە چەمکی میدیا و میدیای ئازاد دەخاتە ژێر پرسیارەوە ؟

ئەگەریش فشاری زانایانی ئاینیە هۆکاری وەستاندنی بەرهەمەکە ، من دەڵێم ئەی بۆچی زانایانی ئاینی لەئاست ئەو گەندەڵی و فەسادیەی سەرا پای لاشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی قوت داوە ، وە خەڵکی توشی گەورەترین نەهامەتی کردوە ، بۆ هەمان فشار بۆ دەسەڵات ناهێنن ، ڕۆشنە بۆ چی . ئایا ئەمە خەتەرە یان درامای ئاریا ؟ ئەی بۆچی لەبەردەم زیندەبەچاڵکردن و ڕەشەکوژی هەمووڕۆژەی ژناندا بەیەك دەنگ و بەیەك جار لەمیمبەری مزگەوتەکانەوە نالێن قەتلی نامووسی ژنان دەبێت ڕابگیرێت ؟ بۆ ئەمە ترسناك نیە لەسەر ئەخلاقیاتی تاکی ئەم کۆمەڵگایە ؟ بەداخەوە کوردسات بۆ پاراستن و پابەند بوون بە ئاکاری ڕاگەیاندن و میدیای ئازاد و سەربەخۆوە نەدەبوو بچوایەتە ژێر باری ئەو فشارەوە ، ڕاییگەیاندایە کە پێویستە چاوەڕێی کۆتای بین تابزانین ئەو پەیامەی کەئەم درامایە هەڵیگرتوە چیە ؟ وە دواجار دەتوانرا لە ڕێگەی دادگاوە

بڕیار لەسەر داوای ئەو کەسانە بدرێت کە دەیان ویست ڕاییگرن .

بۆیە من دەڵێم پێویستە ئەو درامایە پەخش بکرێت ، کە ڕەنگە زۆر کەلێن و خەوشی هونەری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی تێدابێت ، ئەوکات دەتوانین بیخەینە بەر ڕەخنە و توێژینەوە ، هەرکەس بە پێی لێزانی و تێگەیشتنی بوارەکەی خۆی بە شێوەیەکی سیستماتیك و زانستی هەڵیسەنگێنێت و پەیامی خۆی بدات .